**ئەیوب_بارزانیی خەونێکی گەورە بە تەنیشت (ئۆپۆزسیۆن)ێکی بچووکەوە!**

By Hadi Hamarashid

Source : https://www.facebook.com/100002709559383/posts/7268438283256418/?mibextid=WC7FNe&rdid=Z64JNnnFr1v6jneP

**ئەیوب بارزانیی کوڕی شێخ بابۆی برای مەلا مستەفایە، واتە ئامۆزای مەسعود بارزانییە و هاوسەری خوشکیشیەتی لە هەمان کاتدا.**

**بەڵام ئەم جوامێرە هەر لە سەرەتاکانی تەمەنییەوە خاوەنی دنیابینیی خۆی بووە، سەرنجی ورد و قوڵی لەسەر سلوکیاتی سەرکردایەتییکردنی شۆڕشی کورد هەبووە.**

**ئەو کە هاوتەمەنی #مەسعود_بارزانیی ـیە، بۆ ڕۆژێك پارتیی نەبووە، لە شەستەکانەوە وەك ڕەخنەگرێکی جدیی کار ئەکات، بە نیگەرانییەوە بینەری سەدان سەرچڵیی و هەزاران لادانی بەناو(شۆڕشگێڕان) بووە، خاوەنی ئیرادەیەکی پۆڵایین و قەڵەمێکی بەکار بووە لە دیارییکردنی چەوتیی و تاوان و ناپاکییەکانی ناو هەناوی شۆڕش.**

**خاوەنی کتێبەکانی"الحركة التحررية الكردية وصراع القوى الاقليمية والدولية(1958-1975) "**
**و "بارزان و حركة الوعي القومي الكردي1914 - 1826"**
**و "المقاومة الكردية للاحتلال 1914-1958"**
**لەگەڵ کتێبی چوارەمی ئەم سێ کتێبەشی کراون بە کوردیی و ئامادەی چاپن.**

**لە وتار و کتێب و چاوپێکەوتنەکانییدا چەندە بوێر و ڕاشکاو بووە، واوەتر هەر زوو درکیی بە هەڵە و کەلێنەکان کردووە و شارەزایانە پەنجەی خستووەتە سەر دەرد و ناتەواوییەکانی جەستەی شۆڕش.**

**لە پێناوی بیروڕا تەندروست و کورددۆست و مرۆڤدۆست و دوور لە خێڵگەراکانیدا قوربانیی داوە و بەداخەوە تا ئێستاش گیرۆدەی کۆمەڵێك گرفت کراوە وبەشی زۆری تەمەنی لە ئاوارەیی و خۆپارێزییدا لە دەست کەسانی ڕاسپێردراوی بنەماڵەکەی بەسەر بردووە، کەچی هێشتا هاوکاری ئاوارە و نەخۆش و بریندارانی کورد بووە و هەیە لە ئەوروپا.**

**لە پاش دەرکەوتنی سیگناڵی ئۆپۆزسیۆن لە هەرێمی کوردستاندا، زیاد لە وزەی خۆی بۆ تەرخان کردووە و بە دنیابینییەکی فراوان و چاو لە ئاسۆیەکی بەرین سەیری پێشهاتەکانی کردووە.**

**ئەو بارزانییە ڕەسەن و خۆنەویستە لەگەڵ دروستبوونی گۆڕاندا، هەوڵ ئەدات بزاڤە جدییەکە بپەڕێنێتەوە بۆ بازنەیەکی گەورەتر و سوود وەرگرێت لە نارەزایی و دووڕدۆنگیی خوالێخۆش بوو جەوهەر_نامیق لە پارتیی، بۆیە بە هەوڵی حەکیمانەی خۆی، ئەو زاتە و کاك_نەوشیروان ـی ڕەحمەتیی لێك نزیك ئەکاتەوە و بەڵێنی کارکردن ئەدەن پێکەوە.**

**سەرەتایەك بۆ ئەو پێکەوەیی بینرا، بەڵام بەداخەوە دەستەبەری ئامانجەکەی ئەو نەکرا، جەوهەر نامیق چووە بەر میهرەبانیی خودا و سەرنجەکانی ئەیوب بارزانییش لەسەر ئۆپۆزسیۆن زیاد و زیادتر بوون تا وەفاتی نەوشیروان مستەفاش.**
**لە پاش ئەویش کاری فەرهادیی کرد لەگەڵ کارەکتەر و سیاسییەکانی گۆڕەپانەکە، تا ئێستاش بە سەبری ئەیوبەوە لە پەیوەندیدایە بۆ دروستبوونی ئۆپۆزسیۆنێکی ڕاستەقینە و خاوەن دیدگای جیاواز لە دەرەوەی دیدگا کلاسیکییەکەی پارتیی(مەلایی و جەلالیی)!**

ئەو ئەسپایی بە کۆمەڵێك لەو ئازیزانەی (کە وەك خۆی خوازیاری پێکهێنانی بلۆکبەندییەکی کاریگەرن تا ببن بە بەدیلی دەسەڵات نەك تاك تاك و بە فۆڕمی جیاواز شەریك بن لە سفرەی گەندەڵییدا) ووت: کەس جدیی نییە بۆ کاری ڕاستەقینە، ئەمانە زۆربەیان پەرلەمانتار و وەزیری خانەنشینن، یان خاوەن بیزنسی گەورەن نایانەوێت ئەم دۆخە تێك بچێت!

ئەو هەموو ساڵێك بە کۆمەڵێك خەون و هیواوە دێتەوە بۆ کوردستان و چەند مانگێك لێرە چۆن چاوی ڕوون ئەبێتەوە بە بینینی ئازیزان و داروبەردی وڵات، واوەتر بە بینینی سیاسیی و بەناو ناڕازیی و ئۆپۆزسیۆن چاوی تەڵخ ئەبێت و بە دڵشکاویی ئەگەڕێتەوە بۆ دەرەوە!

ئەو وەك دەستەبژێرێکی خۆنەویست لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان، خاوەنی هەستێکی قوڵ و دیدگایەکی ڕوونن، بە تەنیشت ئۆپۆزسیۆنێکی سەتحیی و بێ ڕوئیاوە!